# کورد و قەیرانی شوناس: نەبوونی براندسازی نەتەوەیی وەک هۆکارێک

**کامەران حەسەن**

**دکتۆرای پیشەیی لە کارگێڕی و کار**

لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ساڵی ٢٠١٤وە، چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، دەبینین برینە قووڵەکانی کۆمەڵگای کوردی، کە چەند ساڵێک، وا هەست دەکرا سارێژ بوونە، لە ناکاو سەریان هەڵدایەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵ تر بوونەوە. هەوڵەکانی بەغدا بە یاوەری هاوپەیمانەکانی بۆ بچووککردنەوەی هێز و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بچووککردنەوەی دۆز و داواکارییەکانیەوە بوو، کە تەنها لە مووچە و بودجەدا کۆ کرایەوە. شەڕی داعش خۆی لە خۆیدا قەیرانێکی دیکە بوو، بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانە گەورەکە واتە وابەستەبوون بە ئاوباریکەی بەغدا دواخرا، بابەتی ڕیفراندۆم تاکە هەوڵێکی جیدی کورد بوو بۆ خۆکۆکردنەوەی بەرەی کوردی و کوردستانی لە بەرامبەر نەیارانی کوردستاندا. ڕیفراندۆم بابەتێکی هەستیار بوو لە چاوی دوژمنانی کوردستانەوە، نەک لەبەرئەوەی کورد داوی سەربەخۆیی دەکات (هەرچەندە ئەمەش بابەتێکی هەستیارە بۆیان)، بەڵکو لە ترسی پێناسەکردنەوەی شوناسێکی تازە بوو لەلایەن کوردستانەوە و پەیڕەوکردنی بوو لە سەر خاکی کوردستان، جا چ لە ڕووی کردارییەوە بێت یان لە ڕووی هزرییەوە. سالانێکە وڵاتێکی وەک ئێران بەرنامەی داناوە، کە نەهێڵن کەرکوک ببێتە قودس و دڵی کوردستان؛ ترسی ئێران لە دەسەڵاتی کوردستان تەنیا لەسەر چاڵە نەفتییەکان نییە، بەڵکو ترسی ئەوان لە پێداگری کوردە لەسەر خاک و نیشتیمانەکەی. ئەگەر کورد بتوانێت پێداگری لە کەرکوک بکات کەواتە لە سبەی ڕۆژدا پێداگری لە خاک و نیشتیمانێکیش دەکات کە کەوتووەتە بەر شالاوی تەعریب و تەتریک و تەفریس. بە شێوەیەکی گشتی ترسی دوژمن لە پێناسەکردن و وێناکردنی نیشتیمانێکی دیار و مەلموسە لە لایەن کوردەوە، بۆیە باشترین ڕێگەی ژێردەستکردنی کورد، سەرگەردانیی لە داواکانیدایە لە ڕووی خاک و نیشتمان و نەتەوەوە.

لە دوای ڕیفراندۆم و کێشەکانی، بەردەوامی قەیرانی ئابووری وای کرد کە یەکگرتنەوەی کوردستانیان ماوەیەکی زۆر نەخایەنێت و بەرەو پەرەتەوازەیی بڕوات. گوشارە ئابووری و سیاسیەکان لە لایەک و ئامادەنەکردنی ژینگەیەکی نیشتیمانی لە ڕووی بیروهزر، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابوورییەوە هۆکارگەلێکن کە تەنگی بە نیشتمانپەروەریی خەڵکی کوردستان هەڵچنیوە هەتا ئەو ڕادەیەی کە جگە لە دانیشتنە خۆمانەییەکانی ناو ماڵان و چایخانەکاندا، تەنانەت لە سۆشیال میدیاش، باس لە نەفرەت لە کوردبوون، گاڵتەکردن بە مێژووی کورد و شۆڕشەکانی

دەکرێت و داگیرکەر و ستەمکارەکان بە پاڵەوان دەزانرێن، باس لەوە دەکرێت کە سەردەمی سەدام زۆر باش بووە و سەردەمێکی زێرین بووە! دەبێت پرسیار بکەین هۆکاری گەیشتن بەم دۆخە چییە؟

بێگومان هۆکارەکان یەک و دوو نین و دەبێت توێژینەوەی وردی لە سەر بکرێت، لەم وتارەدا ئەم کێشەیە لە ڕووی زانستی براندسازییەوە لێکدراوەتەوە و خراوەتە بەر باس.

بۆ هەندێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوە ئابوورییەکان و وڵاتان پێش دەکەون و سەرکەوتوون؟ زۆر لە نووسەران و توێژەرانی جیهان خۆیان سەرقاڵی دۆزینەوەی هۆکارەکانی کردووە، خەڵکناسەکان، مێژووناسەکان، زانایانی کۆمەڵناسی، ئابووری و سیاسی بە دوای وەڵامێکەوەن بۆ ئەم پرسیارە. ڕۆڵی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا چییە بۆ پێشکەوتن، دامەزراوە ئابووری و مەدەنی و سیاسییەکان چۆن دەتوانن ئاراستەکان بەرەو سەرکەوتن ببەن؟ حکومەت وەک دامەزراوەیەکی گشتگیر و بە دەسەڵات چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟ کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەری دەبێت وەڵام بدرێتەوە هەتا بتوانین هۆکارەکان دەستنیشان بکەین.

کورد وەک نەتەوەیەک کە لە نێو چوار وڵاتدا دابەش بووە و ساڵانێکە بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خەبات دەکات، لە سەر بنەمای چ شوناسێک دەنگی ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت و داوا دەکات جیهان بە دەنگیەوە بێن؟ جیهانی بێلایەن چۆن دەڕوانێتە کورد و چ وێنەیەکی لا دروست دەبێت و تێگەیشتنی لە دۆزی کورد چییە؟ لە بەرامبەردا کورد خۆی چۆن ناساندووە؟ کورد دەیەوێت چ وێنەیەک لای ئەوانی تر بەرامبەر بە خۆی دروست بکرێت؟ ئێستا وێنەکە چۆنە؟ چۆن بیگۆڕین؟ بە چی بیگۆڕین و وێنەی پەسەندمان چییە؟ لە ڕاستیدا ئێمە کە باسی براند دەکەین، لێرەدا زۆرتر مەبەستمان براندسازیی نەتەوەییە، بابەتێک کە دواهەمین بەرهەمی زانستی براندسازییە.

"من کێم؟" نە پرسیارێکی سادەیە و نە لاوەکی، پرسیارێکی ئەزەلی و ئەبەدییە. بۆ نمونە لە دوای ڕوخانی سوڤیەت یەکەمین پرسیار ئەوە بوو کە ئێستا ئێمە کێین؟ ڕووسیا وەک وڵات کێیە؟ ڕوسیای دوای نەمانی سۆڤیەت تووشی قەیرانێکی شوناس بوو بەڵام هەوڵیان دا و بە تایبەت لە دوای هاتنی پوتین وەڵامی ئەم پرسیارە درایەوە. هەر نەتەوەیەک هەر وڵاتێک و هەر کۆمەڵە خەڵکێک دەبێت ئەم پرسیارە لە خۆی بکات و بە دوای وەڵامەکانیدا بگەڕێت.

لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ لە کوردستان کە دۆزی کورد چووە نێو قۆناغێکی تازەوە، بیرمەندان و سیاسەتوانەکانی کورد کەمتر بیریان لە بنیاتنانەوەی شوناسی کورد کردەوە، چ لە ناوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پێویست

بوو دیسانەوە کورد پێناسەیەکی نوێ بۆ شوناس، ویست، ئایندە و مافەکانی کورد بکات، کە بەداخەوە ئەم بەشە، بەشی فەرامۆشکراوی دۆزی کورد بووە. نەبوونی شوناسێکی ڕاستەقینە و براندێکی تۆکمە وای کرد لە سەردەمی هاتنی داعشدا تووشی شۆک ببین، کاتێک هەست دەکرا لە نێو کۆمەڵگای کوردستان هاوتەریببیەک لە نێوان داعش و کوردی سونە، لە نێوان هەندێک لە تاکەکانی کوردستاندا بوونی هەیە. دراوسێییەکی تازە یان دوژمنێکی بێبەزەیی، کامەیان؟ ڕەنگە ڕاستییەکی تاڵ بێت کە بڵێین تاکی کورد بەهۆی نەبوونی شوناسەوە، زۆر زوو هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانی تردا دەردەبڕێت. ئێرانی ئیسلامی باشە چونکە دژی ڕژێمی بەعسە و باشتر لە ئێمە تێدەگات، ئەردۆغان دەتوانێت دۆستی کورد بێت چونکە بیر لە ئابووری دەکاتەوە و دوورەپەرێزە لە شەڕ و ئاژاوە و مرۆڤێکی ژیرە، جەعفەری لە عەلاوی بۆ کورد باشترە چونکە دۆستێکی دێرینمانە، مالیکی لە جەعفەری باشترە چونکە لە شەڕی ئێران و عێراقدا پەنای هێنابووە لای کورد و لە بەرچاویەتی، عەبادی دۆستی ئێران و ئەمریکایە و هاوسەنگی دروست دەکات و ڕێز لە کورد دەگرێت و ئەم چیرۆکە هەر بەردەوامە ... وەک دیارە کورد بۆ کێشەکانی بەدوای ڕەوایی وەرگرتن بووە لەلایەن ئەوانی ترەوە. پێویستە ئێمە بە دوای خۆددا بگەڕێین هەتا دەرەوەی خود. ئەم سەرگەردانییە دەرهاویشتەی نەبوونی ستراتیژییەکی تۆکمەیە لەسەر دۆزی ڕەوای کورد، هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی ئیداری و دەستووری دانپێدانراو، دەبێت خاوەن ستراتیژییەکی ڕوون و دیار بێت، کەچی ئەمەی کە دەبینین زۆرتر کاردانەوەیە لە سەر ڕووداوەکان. دەبێت پرسیار بکەین هەرێمی کوردستان چ ئایندەیەک بۆ خۆی وێنا کردووە تا بەرنامەکانی لە سەر بنچینەی ئەم ئایندەیە ڕێک خستبێت؟ ئاسۆی ستراتیژیکی هەرێمی کوردستان چییە؟ کاتێک ئەمانە دیار نەبن کە دیاریش نین، سەرگەردانییەک لە بۆچوون و هەڵوێستی تاکەکانی کورددا دەبینین.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان لەسەر بنەمای تیۆری باسکراو، بەر لە هەر شتێک پیویستە بزانین براندسازی چییە و براندسازی نەتەوەیی باسی چی دەکات. لە جیهانی ئەمڕۆدا هەرچەندە توانا ئابووری، سیاسی و ستراتیجییە نەتەوەییەکان ڕۆڵی خۆیان لە گەشەکردنی وێنەی وڵاتەکان لە زەینی نێودەوڵەتیدا دەگێڕن، بەڵام لەم چەند دەیەی دواییدا بابەتی "براندینگی نەتەوەیی" سەرنجی زۆر کەسی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. براندسازی نەتەوەیی[1] بە کۆمەڵە چالاکییەکی وەک تەکنیکەکانی براندینگ و پەیوەندی مارکێتینگ بە مەبەستی بەرزکردنەوە و باشترکردنی باوەڕپێکردن و وێنەی وڵاتان، دەگوترێت. ئەم باوەڕپێکردن و وێنە پۆزەتیڤانەی وڵاتان، دەبێتە

---

1 Nation Branding

هۆی باشـــتربوونی چالاکی هەناردەکردن. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە براندینگی نەتەوەیی بۆ ئامانجی ڕکابەری Competitive Advantage) وڵاتان دروست دەبێ.

داینی کیت[2] و ئێدین بۆرگ[3] (٢٠٠٨) براندی نەتەوەیی وەک هۆکارێک کە لەتوانایدایە ببێتە ســـەرچاوەی ڕاکێشـــانی گەشـــتیار، وەبەرهێنەری بیانی و بەرزبوونەوەی بەهای دراو دەبینن، هەروەها باوەڕیان وایە دەتوانێ یارمەتیدەربێت لە کەمکرنەوەی بیروبۆچوونی نێگەتیڤانە یان نەهێڵانی باشـــتێنەگەیشـــتن لە ســـەر وڵاتەکان، ئەمە جگە لەوەی دەتوانێ پێگەیەکی باشـــتری نێودەوڵەتی بۆ وڵاتان دەســـتەبەر بکات. نای[4] (٢٠٠٤) دەڵێ، براندی نەتەوەیی دەبێتە هۆکاری دروســـتبوونی وێنەیەکی پەســـەندکراو لە پرۆســـە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها نەرمەهێزی وڵاتان بەتواناتر دەکات. کەواتە دەتوانین شـایسـتەییگەلێکی (Advantage) وەک دروسـتکردنی وێنەی پۆزە تیڤانە و باوەڕســـازی (Accreditation)، بەرزکردنەوەی ڕکابەری (Competitive Advantage)، باشـترکردنی پرۆسـەی هەناردەکردن، دروسـتکردنی هەلومەرجی باشـتر لە مەیدانی نێودەوڵەتی و بەرزکردنەوەی نەرمەهێز لە بەرهەمەکانی بەکارهێنانی براندینگ لە قەڵەم بدەین.

**براندسازی نەتەوەیی و ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی**

وڵاتێکی وەک ڕوسـیا سـەد سـاڵ لە دامەزراندنی پەرلەمانەکەی تێپەڕ بووە، بەڵام هێشـتاش وەک وڵاتێکی خاوەن دیمۆکراســـی تازەپێگەیشـــتو لەقەڵەم دەدرێت. لە دوای ڕووخانی یەکێتی ســـۆڤێتەوە، ڕوســـیای نوێ وەک شـــۆڕشـــی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ تووشـــی قەیرانی خۆناســـنامەیی[5] (شوناس) هات. بۆیە لە ساڵی ١٩٩١دا بە مەبەستی بنیاتنانەوەیی وڵاتێکی تازە لە سفرەوە دەستیان بە کار کردەوە. لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، ڕوسیا زۆر هەوڵی بۆ بیناتنانەوەی شوناسێکی تازە کرد هەتا دەســـتبەکاربوونی ڤلادیمێر پوتین، کە ڕۆژئاوا ئەم ســـەرۆککۆمارە لە ڕیزی ســـەرکردە گرنگەکانی جیهان لەقەڵەم دەدات و باســـی لێ دەکات. قســـەکانی پوتین لە جیهاندا گرنگە و خەڵکی جیهان چارەســـەرکردنی کێشـــە جیهانییەکان لە پوتین چاوەڕێ دەکەن، کەواتە پوتین ئەمڕۆکە ڕوونوێنی ڕوسیایە، چونکە سەرۆککۆماری هەر وڵاتێک وەک ڕوونوێنی وڵاتان پێناسە دەکرێت.

---

2 Dinni Keith
3 Edinburgh
4 Nye
5 Self-identification

بەڵام لە کوردستان، لە دوای تێپەربوونی هەر قۆناغێک، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر ستراتیژ و سیاسەتەکانی پارتە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا نەهاتووە. ڕەنگە جەوهەریترین پرسیار ئەمە بێت، کە لەسەر چ بنەمایەک شوناس و براندێکی نەتەوەی پێک بێنین؟ تایبەتمەندییەکانی سەرەکی شوناسی نەتەوەیی بریتییە لە: سنووری مێژووی یان نیشتمان، ئەفسانە هاوبەشەکان، بیرەوەرییە مێژووییەکان، فەرهەنگی گشتی هاوبەش، مافی یاسایی هاوبەش و ئەرکی هەر یەک لە ئەندامان، ئابووری هابەش لەگەڵ توانایی جوڵانەوەی هەرێمایەتی[6] بۆ سەرجەم ئەندامان. ڕەنگە جیهانگەرایی کاریگەری لە سەر شوناسی نەتەوەیی هەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەم بابەتە هێشتاش شوناسی نەتەوەیی هێزی سۆز و مەعنەویی خۆی پاراستووە و لە سەرانسەری جیهاندا دەبینین، کە خەڵک لە بینینی یارییەکی تۆپی پێ چۆن شانازی بە یاریزانەکانی وڵاتەکەیەوە دەکات.

ئاڵای هەر وڵاتێک لایەنی بینراوی شوناسی نەتەوەیییە، کە یەکێکە لە بەهێزترین لایەنە بینراوەکانی شوناس. هەر ڕەنگێک سیمبۆلێکە و پڕە لە چیرۆک و ئەفسانە. یەکێکی دیکە لە لایەنە بینراوەکانی شوناسی نەتەوەیی دیمەنە سروشتییەکانی هەر وڵاتێکە. شاخەکان، دارستانەکان، دەریاکان و ڕووبارەکان لە لایەنە بینراوەکانن، کە دەتوانێت یادەوەری بۆ هەر کەسێک دروست بکات. لە خودی شارەکاندا شێوازی بیناسازی، پەیکەرەکان، نەخشەی شار، کۆڵانەکان و شەقامەکان و گۆڕەپانەکانی شوناسی نەتەوەیی پێک دێنن.

تەنگژەی نێوان جۆراجۆری فەرهەنگی و یەکپارچەیی نەتەوەیی لە بابەتە پڕکێشە و قەیرانەکانی شوناسی نەتەوەیییە، کە زۆربەری وڵاتانی بە خۆیەوە خەریک کردووە. کێشەی سەرەکی پراکتیککردنی نێوان شوناسی مەدەنی بەرفراوان[7] و شوناسی ئێتنیکی تایبەتییە[8]. هەر وەک دەبینی لە عێراق شوناسێکی عێراقی بە هەموو سیمبۆلەکانیەوە زیاتر لە سەد ساڵە خۆی دەرخستوو لە بەرامبەر شوناسی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەزمونێکی کەمتری هەیە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ هەتا ٢٠٠٣ مەودای نێوان شوناسی شار و دیمەنەکانی ناو شار لە چاو شارەکانی دیکەی عێراقدا بەرەو جیاوازی دەچوو، بەڵام بە داخەوە لە ساڵانی ٢٠٠٨ بە دواوە خەریکە سیمبۆلە عێراقییەکان دیسان زیندوو دەبنەوە و زاڵ دەبن بە سەر شار و هەست و نەستی تاکەکاندا، بۆیە هاوسۆزی نێوان

[6] Territorial Mobility
[7] Inclusive Civic Identity
[8] Exculusive Ethnic Identity

تاکی هەرێم و دەسەڵاتی عێراقی چ لە ڕژێمی ڕابردو و چ لە ڕژێمی ئێستا بەرەو هەڵکشانە. بە ئاشکرا دەتوانین سیندرۆمی ستکهۆڵم لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ببینین. بە شێوەیەکی گشتی ئەم جیاوازی و یەکگرتنەوانە دەتوانێت کاریگەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لێ بکەوێتەوە.

لە بابەتە گرنگەکانی تری شوناس و براندسازی نەتەوەیی دەکرێت ئاماژە بە زمان بکەین. زمان یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی پەیوەندییەکانی براندسازی نەتەوەیی، کە پێویستی بە شارەزاییەکی باشە. کۆمەڵێک کاڵا، خزمەتگوزاری لە وڵاتان پێشکەش بە وڵاتانی دیکە دەکرێت، کە پردی پەیوەندیکردنیان زمانە و لەم ڕووەوە زمان وەک براندێک دەناسرێت.

ئەدەب یەکێکی دیکەیە لە ڕواڵەتەکانی شوناسی نەتەوەیی. ڕۆمان، شیعر و شانۆنامە و شێوازە ئەدەبییەکانی دیکە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ خوڵقاندنی شوناسی نەتەوەیی. ئەدەب و براندسازی نەتەوەیی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەدەب دەبێت ببێتە بەشێک لە ستراتیژی فەرهەنگی نەتەوەیی.

بێگومان بیستنی هەندێک لە مۆسیقاکان، ڕاستەوخۆ وێنەی نەتەوەیەک بەرجەستە دەکات. کاتێک گوێ لە پارچە مۆسیقایەکی سکۆتلەندی دەگرین یەکسەر بە بیری جلوبەرگ و ئامێرەکان و کۆمەڵێک وێنەی دیکە دەکەوین. مۆسیقا یەکێکە لە بەهێزترین توخمەکانی براندسازی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی. خواردنەکان، وەرزش و وەرزشوانەکان لەو توخمانەن کە دەبێت گرنگییان پێ بدرێت هەتا شوناسی نەتەوەیی و براندسازی نەتەوەیی لە سەر بنیات بنرێت.

بیناسازی ڕەنگە لە چاو توخمەکانی دیکە زۆرتر هەستپێکراو بێت و هەر بینەرێک زووتر هەستی بە جیاوازی و شوناس بکات. ڤێنیزیا، ئەسینا و زۆر لە شارەکانی دیکە خاوەن شوناسێکی تایبەتین، کە وێنەیەکی گونجاو لە براندی ئەو شارانە پیشان دەدەن. بیناسازی و ڕێکخستنەوەی شار و بەڕێوەبردنی کلیلی سەرەکی براندسازی نەتەوەیی و براندسازی شارن، کە وا دەکات وێنەیەکی پەسەند لە نەتەوەیەک پیشانی جیهانیان بدات. بۆ نمونە بینای تازەی پەرلەمانی سکۆتلەند پیشاندەری دەرچوون لە ژێر سێبەری زلهێزێکی وەک بریتانیایە.

ئەی لە هەرێمی کوردستان، کام لەم توخمانە بە شێوەیەکی بەرنامەیی کاری بۆ کراوە؟ ئاڵای کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا توانی وەک شوناسی نەتەوەیەک قبووڵ بکرێت و ببێتە ڕەمزی نیشتمانی، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بێئینتیمایی و بێئاگاییەوە، سوکایەتی بە ئاڵای کوردستان بە

شێوەیەکی بەرفراوان بەڵام ناڕاستەوخۆ دەبینین؛ وەک ئاڵای بچووک و دووکەڵاوی سەر بیناکان، ئاڵای دڕاو و ڕیشاڵ دەرهاتو، کەوتنە سەر زەویی ئاڵای کوردستان لە کاتی نەورۆز و بۆنەکان ... وا دەکات کە هێزی سیمبۆلیکی ئاڵا لە زەینی هەر تاکێکی کورددا کاڵ ببێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، زمانی کوردی، کە پاراستنی و چەسپاندنی، بەردەوام یەکێک بووە لە داوکارییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١وە بوو بە زمانی فەرمی ئەم هەرێمە، بەڵام دەسەڵاتی کوردستان یان دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی زمانی کوردی لە سنووری ئاخافتنی ڕۆژانە و کتێبی قوتابخانەکان و هەندێک لە نووسراوەکانی دامودەزگاکانی میری بەرفراوانتر بکات، لە کاتێکدا زۆربەی ئەم بەرفراوانییە شانازی دەسەڵاتی کوردی نییە و بەر لە ڕاپەرین بوونی هەبووە. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یشەوە بەهۆی باڵادەستبوونی تەوژمی بەمۆدێرنبوون و بەجیهانیبوون، سەرهەڵدانی کاردانەوەی پێچەوانەیی[9] زمانی کوردی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەراوێز خراوە و ئایندەیەکی نادیاری هەیە. هەرچەندە دەکرێت بە سوودوەرگرتن لە شێوازی شیکردنەوەی ڕەوتەکان، چاوەڕوانی ئایندەیەکی کارەساتبار بین بۆ زمانی کوردی. هێز و پانتایی زمانی ئاخافتنی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا زۆر بەرفراوانتر بووە لە زمانی ئاخافتنی نەوەی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس. ئەمەش بەهۆی لاوازکرنی زمانی کوردی و بەهێزکردنی زمانەکانی دیکەوە لەناو دامودەزگا پەروەردەیی و فێرکارییەکاندایە.

لەبارەی ئەدەبەوە، دەکرێت بڵێین بەهۆی پەراوێزخرانی زمانی کوردییەوە نووسین و لە چاپدانی کتێب تەنها بۆ نوخبەیەک یان گرووپێکی دیاریکراوە و باو نییە. مۆسیقای کوردی خۆی لە قەیرانێکی سەختی شوناسە و ئێستا ناتوانین بە ئاسانی مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای نەتەوەکانی دیکە جیا بکەینەوە. هەژموونی مۆسیقای عەرەبی، تورکی و فارسی وای کردووە کە ببین بە خاوەن مۆسیقایەکی بێشوناس، یان مۆسیقایەک کە هەڵگری شوناسی ئەوانی ترە. شێوازە جیاجیاکانی مۆسیقای کوردی وەک سەنگەری سوپایەکی شکستخواردو یەک لە دوای یەک تەسلیم دەبن و دەڕوخێن.

هەرچی بیناسازی شارەکانی کوردستانیشە ئەوا پەیڕەوی هیچ جۆرە شێوازێکی تایبەتی ناکەن، کە بکرێت وەک بیناسازی کوردستانی یادی لێ بکرێت. کەرەستەکان و شێوازەکانی بیناسازی هیچ

---

9 Reaction Formation

پەیوەندییەکیان بە سروشت و تایبەتمەندییەکانی کوردستانەوە نییە، بۆیە شارگەلی نامۆ و بێهەست بنیات نراون، کە ناتوانن تەعبیر لە تایبەتمەندییە بیناسازییەکانی نەتەوەیەک بکەن.

نەوەی دوای ڕاپەڕین و ڕوخانی ڕژێمی بەعس، لە فەزایەکدا گەورە بوونە، کە تێکڕای توخمەکانی شـــوناســـی نەتەوەیی تێیاندا یان لاوازە یان نییە، نەوەیەکی کە بە ڕابردووی نەتەوەکەی نامۆیە، ئەفسانەکانی نەتەوەکەی ناناسێت و لە دیمەنی شار و کتێبەکان و میدیاکانیدا بوونی نییە. نەوەیەک بەرهەم هاتووە کە زمانی تەنیا بۆ ئاخافتن ناوێت، بەڵکو دەیەوێت جیهانی پێ بناســـێت، کەچی زمانێک دەبینێت کە تەنها لە قوتابخانەکان و هەواڵە سیاسییەکانی ڕۆژدا بوونی هەیە، کاتێک زانین یان نەزانینی زمانی کوردی هیچ بەهایەکی بەلای ئەوەوە نەبێت، یەکێک لە توخمە هەرە گرنگەکانی شـوناس دەکەوێتە ژێر مەترسـییەوە. تاکی ئەمڕۆی کورد چ جۆرە شـانازییەکی نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت لە ژێر شـکۆمەندیی، بیری کوردانەدا بیکات؟ تاکی کورد سـەرگەردانە لە نێوان شـوناسـی کوردێک و عێراقییەکدا، هەر تاکێک لە ناخی خۆیدا پرســـیار دەکات من کامەیان بم؟ بە دڵنیاییەوە ناخی هەر کەسێک مەیلی بۆ دەسەڵاتدارترینیان دەڕوات هەتا بتوانێت ئاسوودە بێت.

بە مەبەســتی تێگەشــتن لە ناخی کێشــەکانی شــوناس لە هەر تاکێکی کورد پێویســتە تویژینەوە گەلێکی زۆر ورد بکرێـت و ئەنجـامەکـانی بکرێتە هەوێنی بەرنـامەی چـارەســـەری. هەرچەنـدە چارەســـەری بە ئاســـانی ڕوو نادات و پێویســـتی بە کات و بەردەوامی جێبەجێکردنی بەرنامەی براندســـازی هەیە. یەکێک لە دژوارییەکانی ئەم ڕێگەیە گۆڕانکارییەکانە کە دەتوانێت کاریگەری لە ســـەر بەرنامەی براندســـازی هەبێت بۆیە دەبێت بەرنامەیەکی بگۆڕ[10] هەبێت هەتا لە ئەگەری هەر گۆڕانێک خۆی ڕێکبخات و بگونجێنێت. دانانی بەرنامەیەکی براندســـازی نەتەوەی لە ئەســـتۆی دەســـەڵات و حکومەتە و دەبێت بەرنامەیەکی نیشـتیمانی بۆ ئەم مەبەسـتە ئامادە بکات هەڵبەت لە دوای شرۆڤەیەکی زۆر و تێپەڕاندەنی لە چەندین فلتێرەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەبێت باوەڕ بەوە بکات کە پێویســـتە ببێتە حوکمڕان نەک کار بەڕێکەرێکی ئیداری (ئەوەی کە ئێســـتا دەبینین)، حوکمڕان کۆمەڵێک برنامە و مەبادئی هەیە کە هەوڵ دەدات لە ئاســـتی کۆمەڵگا پیادەســـازیی بکات و کۆمەڵگا بەرەو ئەو ئاراســـتەیە ببات کە دەیەوێت، نەک بە پێچەوانەکەی. کار و چالاکییەکانی ٢٩ ســـاڵ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردســـتان زۆرتر لە کاردانەوە دەچێت هەتا کار، ئەو کاتەی زمانی کوردی لە باکوور قەدەغە بوو یان لە

---

[10] Flexible

ئێران پەراوێز خرا بوو و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس سنووردار کرا بوو، سەرجەم هەوڵەکانی سەرکردەکانی کورد بۆ پەرەپێدان بە زمانی کوردی بوو، بەڵام لە دوای دەستبەکار بوونی دەسەڵاتی کوردی هیچ بەرنامەیەکی تایبەت بۆ زمانی کوردی دانەڕێژراو و بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتگوێخراوە. بۆ پشت ڕاسکردنەوەی ئەم قسەیە دەتوانین پرسیار بکەین کە لە نەوەی نوێ کە لە قوتابخانە ئەهلییەکان دەخوێنن و ژمارەشیان کەم نییە ئاستی نووسین، خوێندن و تێگەیشتنی کوردیان چۆنە؟ ئایا لە هیچ وڵاتێک بینراوە هەڵەی نووسین لە سەر تابلۆکانی دوکانەکان، فەرمانگەکان، نووسراوە میرییەکان و ... بە ڕێژەی هەرێمی کوردستان بێت؟ هەر تاکێکی خوێندەواری کورد چەنێک دڵنیایە کە دەتوانێت یەک لاپەرە بنووسێت بە بێ هەڵەی ڕێزمانی و هەڵەی نووسین؟ لە زانکۆکانی کوردستان ئاستی زمانی کوردی لە چاو ئاستی زمانی ئینگلیزی نزمترە لە کاتێک دا هەموو هاوار دەکەن کە قوتابیانی کوردستان لە زمانی ئینگلیزی کۆڵەوارن!؟ بەلام کەس هاوار ناکات بڵێت بۆ زمانی دایک و نەتەوە گەیشتووتە ئەم ئاستە؟ لە ڕووی زانستییەوە کاتێک دەتوانیت فێری زمانێکی دیکە بیت کە زمانی دایک بە باشی بزانیت، جگە لەمەش دیسان لە ڕووی زادستییەوە سەڵمێندراوە کە ئاستی تێگەیشن لە زانست بە زمانی دایک بەرزترە لە زمانی بیانی. بۆیە بۆ تێگەیشن لە زانست پێویستە بە زمانی دایک بخوێنین.

کاتێک بنەماکانی شوناس لە وڵاتێک دا سست بن و کاری بۆ نەکرێت سەرگەردانییەک لە ئاستی کۆمەڵگا دروست دەبێت بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردستان کە تەنها ٢٩ ساڵە شوناسێک بە ناوی هاوڵاتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە. ئەگەر لە هەرێمی کوردستان دەست بە براندسازی نەتەوەیی نەکەین هەڵسوڕان بەرەو شوناسی بەهێزتر (عێراقی) لە کاتی قەیرانەکان زۆرتر دەبێت، بۆیە لە دوای قەیرانە ئابوورییەکانی کوردستان مەیل بۆ وابەستە بوون بە بەغدا زۆرتر دەبێت. وەک نموونە، کاتێک ئاستی شانازییەکان لە هەر ڕوویەکەوە نزم ببێت یان بکەوێتە ژێر کاریگەری بابەتێکی بەهێز وەک ئابووری دەبینین هاوسۆزی بۆ کۆچی دوایی وەرزشوانێکی عەرەبی عێراقی[11] (کە هیچ هاوسۆزییەکی بۆ کوردی نەبووە) لە دوای ٢٩ ساڵ دابڕان بەرز دەبێتەوە.

ئێستا هەر تاکێکی کوردی باشوور بیر لەوە دەکاتەوە کە شانازی بە چی بکات بۆ ئەوەی شانازی بە کورد بوونی بکاتەوە؟ بۆیە قەیران دروست دەبێت، قەیرانی شوناس وەک قەیرانی ئابووری نییە لە دوای ماوەیەک ڕوو لە باشتر بوون بکات، قەیرانی شوناس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوولتر دەبێتەوە.

---

[11] مەبەست وەرزسوانی تۆپی پێ ئەحمەد ڕازی یە.